**راگەیاندن سەبارەت بە:**

## هەرەشەی کوشتنی سەرنوسەری رۆژنامەی الفرات

**رۆژنامەی (الفرات) کە بە سەرنوسەری حوسین خۆشناو، کە بە زمانی عەرەبی، لە سدنی – ئوستراليا دەردەچیت و زیاتر تایبەتە بەهەلومەرجی سیاسی عیراق، لەم هەفتەیەدا هەرەشەی کوشتنیان لە سەرنوسەرو تەقاندنەوەی نوسینگەکەیان کردووە ،ئەم هەواڵەش بە پیی چاوپیکەوتنیک کە لەگەڵ سەرنوسەر کراوە لە رادیۆی ئیس بی ئیس بەشی کوردی و عەرەبی ..ئەم هەرەشەیەش لە ریگای فری دانی کاستیکەوە بووە بۆ نوسینگەی رۆژنامەکە لە سدنی و ئەو کەسانەی کە بەم هەرەشەیە هەستاون خۆیان بە ریکخراوی قاعدەی تیرۆریست ناساندوە..**

**ئیمە لە کومیتەی ئوسترالیای حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ئەم هەرەشەیە بە توندی مەحکوم دەکەین و بە تەواوی نارەزایەتی خۆمان دەردەبرین بەرانبەر ئەم کردوە دژی ئینسانی یە.**

**هاوکات حکومەتی ئوستراليا بە بەرپرس دەزانین بەرانبەر پاراستنی گیانی سەرنوسەرو ستافی رۆژنامەکە . وە پیویستە حکومەت بە جدی ئەم هەرەشەیە وەربگریت و بەدواداچونی جدی بکات بۆ دۆزینەوەی ئەنجام دەرانی ئەو کردەوەیە.**

**دیارە ئەم هەرەشەیە لە کاتیکدایە کە دەستەو گروپی جۆراوجۆری ئیسلامی سیاسی لە ژیر ناوی جۆراوجۆری ریکخراوی خیرخوازو ئینسان دۆست خۆیان پەنا داوەو بونەتە ئامرازی کاروچالاکی دژی ئینسانی .بەرپرسانی ئەم دەستەو تاقمانە هەر لەم ماوەیەدا چەندین راگەیاندنی کۆنەپەرستانەیان داوە لە دژی ژنان و خەلکی موتمەدن و یاساو ریساو ژیانی مەدەنیانەی خەلکی ئوستراليا.**

**ئەمانەش هەر لە راگەیاندنەکانی موفتی ئیسلامی لە ئوستراليا، تاجەدین هیلالی لە دژی ژنان و خەلکی مەدەنی ، تا قسەکانی فایز محمد ،سەرۆکی دەستەی لاوانی موسلمانانی جیهانی لە ئوستراليا، کە داوا دەکات منالان فیری جهاد بکرین و خەلکی نا موسلمان بکوژن. بە راستی ئەم دەست دریژی یەی ئەم کەسایەتی و دەستەو تاقمە ئیسلامیانە لەوپەری جیهان و لەناو کۆمەلگەیەکی مەدەنی وەک ئوستراليا دریژ کراوەی ئەو دەسەلات و کردەوە تیرۆریستیانەیە کە هاوبیرانی ئەمانە لە ولاتانی بە ناو ئیسلامی دەیکەن.**

**دیارە هەموو ئەمانە بە بەرچاوی بەرپرسانی حکومەتی ئوسترالییەوە دەکریت و حکومەتیش تا ئیستا نەک هەر هیچ ئیجرائاتیکی جدی یاسایی بە کردەوەی بەرانبەر ئەم دەستەو تاقمانە نەکردوە، بەلکو کۆمەکی مالی یان پی دەکات و . هاوکات حکومەت ئەم کەسایەتیانە وەک ،هیلالی بە نوینەری جالیە دەناسی لە کاتیکدا ئەم کەسانە نەک هەر نوینەری کەس نین بەلکو خۆیان فەرز کردوە بەسەر خەلکی یەوە ،هەر وەک چۆن حکومەت و دەستەو تاقمە ئیسلامی یە کان لە وولاتانی بە ناو ئیسلامی بە زەبری کوشت و برو سەرکوت خۆیان سەپاندوە بەسەر خەلکی موتەمەدنی ئەو وولاتانەدا.**

**ئیمە بانگەوازی تەواوی حزب و ریکخراوە سیاسی و حقوقی و کۆمیونتیەکان وخەلکی موتەمەدنی ئوستراليا دەکەین کە ئەم هەرەشەیە لەسەر سەرنوسەری رۆژنامەی الفرات ئیدانە بکەن و هاوکات نارەزایەتی دەربرین بەرانبەر حکومەتی ئوستراليا کە کۆمەک بەو دەستەو تاقمە ئیسلامیانە دەکات بە**

ناوی ریکخراوی خیرخواز یاخود کۆمەک کردن بە دامەزراندن و بەریوە بردنی مزگەوتەکان کە لە هەموو دنیا ئەم مزگەوتانە بونەتە مۆلگە بۆ پەروەردە کردنی دەستەو تاقمی تیرۆریستی ئیسلامی .

**مەرگ بۆ تیرۆیزمی ئیسلامی**

**بژی ئازادی سیاسی**

**کۆمیتەی ئوسترالیای**

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**2007-1-18**